کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 21:26 19-8-2007

## لێدانی زەنگێکی تر دژ بەڕۆژنامەوانان .... کوردستان نێت

ماوە یەکە حکومەتی هەرێمی بۆدەرچون لەو قەیرانە ئابورییەی کەتێی کەوتوە پە نای بۆبڕینی ئەو بڕە پارەکەمە بردوە کەوەك كۆمەك بە ڕۆژنامە ئەهلییە کان ئەدرا وەك ئەوەی کە پارەو پولی هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆژنامەو ڕۆژنامەوانان خەرج کرا بێت. بەپێی ئەو هەوالانەی کە پێمان گەیشتوە ئەو لیژنەیەی کە بۆپیدا چونەوە بە مینحەی میدیای ئازاد پێکهینرا بوون، تە نیا مینحەی چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکیان بڕیوە، کە سەر بەدەسەلاتی یەکێتی و پارتی نین نمونەش تائێستا گۆڤاری هەرێم کەسەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە مانگانە بڕی 50 ملێۆن دیناری بۆسەرف دەکرێت ئەمە هاوکاتە لەگەڵ پێدانی بڕی 47 ملێۆن دینار بە گۆڤاری مێرگ، ئێمە بە نیگەرانیەوە لەم هەنگاوەی حکومەت دەڕوانین و داواش لەو لیژنە یەدەکەین ئەگەر ئەوان دەیانەوێت گەندەڵی چارەسەر بکەن، با مینحەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە ببڕن کە سەر بە بەرپرس و دەسەلات دارانی حیزبیی و حکومین و خزمەت بە ئایدەلۆژیای حیزبەکان دەکەن. لێرەشەوە داوا لەوەزیری داری دەکەین خۆیان لیژنە پێك بهێنن بەچاوی خویان ڕاستیە کان ببینن داواش لە سەرۆکی حکومەت دەکەین لە باتی بڕینی میدیای ئازاد ڕێگە لەوە بگرێت کە حیزبە دەسەڵات داراکان هەر ڕۆژەو سایتێك یان کەناڵێکی ئاسمانی دانەمەزرێنن بڕین و کەمکردنەوەی مینحەی ئەو ڕۆژنامانە تە نها ئامانج لێی کپکردنی دەنگی ئازادی ڕادەربڕینە بۆزانیاری هەمولایەکیش مینەحەی یەك مانگی گۆڤاری مێرگ کە حکومەت بۆی خەرج دەکات دووساڵ ڕۆژنامە یەکی وەك ئەو ڕۆژنامانەی پێدەر دەچێت کە مینحەکانیان کەمکردونە تەوە یان مینحەکانیان بڕاوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.